# کۆدی دافنشی
# ئەو رۆمانەی کە بیست ملیۆن دانەی چاپکراوە

**بۆ پەنجا زمانی زیندوو وەرگێڕدراوە**

**عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا**

**رۆمانی کۆدی دافنشی کە نووسەری ئەمریکی (دان براون) نووسیوویەتی یەکێکە لە رۆمانە هەرە پڕ فرۆشەکانی ئەمڕۆی دنیا، نووسەری ناوبراو هەتا ئێستا تەنها پێنج رۆمانی بە چاپ گەیاندووە، کۆدی دافنشی چاپی یەکەمی لە ساڵی (2003) بە زمانی ئینگلیزی کەوتە بەر دەستی خوێنەرانەوە، ئەوەی کە پێشتر ناوبانگی بە رۆماننووس بەخشی رۆمانی (فریشتەو شەیتان) بوو کە ساڵی (2000) بە چاپی گەیاندووە.**

**(دان براون) لە ساڵی (1964) لەدایکبووەو دەرچووی کۆلیژی (amherst) ماوەیەك وەك مامۆستای زمانی ئینگلیزی کاری کردووە، پاشان دوای نووسینی یەکەم رۆمانی بە ناوی(القلعه الرقمیه) خۆی بۆ کاری نووسین تەرخان دەکات، هەر لە منداڵیشەوە خۆی لە نێو فەلسەفەدا دۆزیوەتەوە بە تایبەتی دوالیزمییەتی ئایین‌و زانست، رۆمانی (فریشتەو شەیتان) کە یەکێکە لە رۆمانە بەناوبانگەکانی تەعبیر لەو دوالیزمەتە دەکات.**

**کۆدی دافنشی لە لایەن (سمیە محەمەد عەبد رەبە) لە ئینگلیزییەوە کراوە بە زمانی عەرەبی لە ساڵی (2004) لە بەیروت چاپکراوە، ئەو رۆمانە زۆرترین دەمەتەقێ‌و گفتوگۆو هەلاّی لە دنیادا ناوەتەوە، لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو وڵاتانەی کە مەسیحیەکان بەشێکی پێکدێنن قەدەغە کراوە، هەروەها رۆژی هەینی رێکەوتی(18/مارس/2005) لە یەکێك لە هەواڵەکانی (bbc) هاتووە کە (فاتیکان)ی شارو فاتیکانی سیاسەت‌و فاتیکانی دەسەڵاتی ئایینی فەتوای قەدەغەکردنی دەرکردووەو بە توونذی مەحکومی دەکات، وەك چۆن دەسەڵاتدارانی هەر یەك لە لوبنان، ئوردن، سوریا، بەهۆی ئەو سکاڵانامەیەی کە لەلایەن پێشەوایانی (کاسۆلیکی) لە سەر ئەو رۆمانە خراوەتە روو قەدەغەیان کردووە.**

**ئێستا (کۆدی دافنشی)لە رووی پڕفرۆشییەوە لە نموونەی زنجیرە رۆمانەکانی (هاری پۆتەر) دەژمێردرێت، لە لیستی (نیویۆرك تامیز)و (ستریت)و (سان فرانسیسکۆ)و (کرۆنیکیل) پلەی یەکەمی داگیر کردووەو چاپە ئینگلیزییەکەی زێتر لە (10000000) دە ملیۆن دانەی پەخشکراوە.**

**رۆمانی ناوبراو لە (105) بەش پێکدێت، شێوەیەکی سینەمائامێزی لەخۆ گرتووە، دەرهێنەری بە تواناو خاوەن خەڵاتی ئۆسکاری 2002 رۆن هاورد رەزامەندی وەزارەتی رۆشنبیریی فەرەنسی وەرگرتووە بۆ وێنەگرتنی رووداوە سەرسوڕێنەکانی ئەو رۆمانە لە مۆزەخانەی لۆڤەر، پاڵەوانی ئەو فیلمەش ئەکتەری بە ناوبانگی ئەمریکی (تۆم هایکس)ەو ئەکتەری بەریتانی(بۆل بیتانی)و هەروەها (جان رینۆ)ی فەرەنسی‌و هەردوو بەریتانی(ئایان مکیلان)و (ئەلفرید مۆلینا)و ژنە ئەکتەر(ئۆدی تاوتۆ) رۆڵ لەو فیلمەدا دەگێڕن.**

**چیرۆکی کۆدی دافنشی**

**وەك لە ناونیشانی سەرەکی رۆمانەکە دەردەکەوێت، کارکردنی نووسەر دەکەوێتە سەر کردنەوەی کۆدەکانی دافنشی، بەو مانایەش (دان براون) هەوڵی داوە مێژووی هونەر لە دووتوێی مێژووی کەنیسەو رەمزەکانی هونەری دافنشی بە جۆرێکی دیکە بخوێنێتەوە کە لەگەڵ بیرکردنەوەکانی ئەوسای کەنیسەدا تەواو جیاواز دەکەوێتەوە، ئەوەش ئەگەر لە لایەك تەعبیر لە**

کەشفکردنی دەسەڵاتی هونەر بکات، ئەوە لە لایەکەی دیکە نهێنی ئەو بێگارییەی دەخاتە روو کە تاکو ئەمڕۆ  کەنیسە لە خۆیدا حەشاری داوە.
هەڵبەتە چ وەك کەشفکرن و چ وەك خوێندنەوە هەوڵی نووسەر جەربەزانەو داهێنەرانە خۆی دەنوێنێت، سەرەڕای ئەوەش وەك گێڕانەوە توانیوویەتی (مێژوو-جوگرافیا/حەقیقەت-خەیاڵ) تێکەڵ بە یەك بکات، بە مانایەکی دیکە توانیوویەتی بە شێوەیەکی هونەری زۆرجوان لە جوگرافیای ئەمڕۆدا بە دوای مێژوودا بچێ و خوێنەر بخاتە نێو حەقیقەت و خەیاڵەوە کە بە رای من یەکێکە لە تەکنیکە سەرکەوتووەکانی ئەو رۆمانە، واتە لە لایەك دەشێ ئەو رۆمان مۆرکی گێڕانەوەیەکی حەقیقی لەخۆ حەشار دابێت، لە لایەکی دیکە خەیاڵێکی فەنتازی، لە لایەك خوێنەر دەخاتە سەر حاڵەتی ئامادەیی، حاڵەتێك کە چێژو خۆشی تیا پراکتیزە دەکرێت، لە لایەك کۆمەڵێك زانیاری بە ئاسانی و بێ ئەرکی پێدەبەخشێت.
دان براون لە دووتوێی خوێندنەوە سەرسامکەرەکەی خۆیدا هەوڵی کردنەوەی کۆمەڵێك کۆدو راڤەکاری کۆمەڵێك هێلکاری لە تابلۆکانی دافنشی بە ئەنجام گەیاندووە، چنینی سەرەکیشی لە سەر بنەڕەتی فەرامۆشکردن و ونکردنی رۆڵی مێینەیە لە کۆمەڵگای نێرینەدا، ئەگەرچی رەگەزی مێ بەپێی مێژووو ژیاری مرۆیی و بە جیاوازی قۆناغ و شێوەکان، وێڕای رۆڵی دامەزراوە ئایینییەکان رۆڵی خۆی گێراوەو هەتاکو ئێستاش بەشێکی زۆری هەوڵەکانی لە پێناو بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا لەکار دایە، بەڵام ئایینەکان هەمیشە ویستوویانە ئەو رۆڵە بە پەراوێز بکەن، وەك دان براون دەڵێ بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵگای مەسیحیدا،
کەواتە دان براون سوودێکی زۆری لە حەقیقەتە مێژووییەکان بینیووە، وەك چۆن سوودی لەو لێکۆڵینەوانە بینیووە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە لە ئیسپانیا لە (زانکۆی ئەشبیلیە) بە دراسەکردنی هونەر هەڵساوە، لەوێدا کۆمەڵێك مەتەڵی تابلۆکانی دافنشی فێر بووە، بێگومان کاریگەری (بلایت)ی خێزانی کە نووسەرو نیگارکێش و مێژوو نووسی هونەرە بە ئاشکرا بەسەرییەوە دیارە.
دان براون لە نێوان مێژووی هونەرو مێژووی ئەفسانەکاندا تێکەڵەیەکی سازاندووە، بە دیوەکەی دیکەش لە زۆربەی زانیارییەکانیدا پشتی بە بەشی لێکۆڵینەوەی تابلۆکان و بەشی کارگێڕیی بەڵگەنامەکانی مۆزەخانەی لۆڤەرو هەروەها کۆمەڵەی لەندەن بۆ تۆمارەکان بەستووە، وەك چۆن ئەو کۆمەڵە بەڵگەنامەیەی کە لە دێری ویستمینسیرو یەکێتی زانایانی ئەمریکی و هەروەها کتێبی -دەورەدراو بەگومان- بەناونیشانی (خوێنی پیرۆز پیاڵەی پیرۆز) سوودی زۆریان پێگەیاندووە. دواجار دەتوانین بڵێین نووسەر لە پێناو ئەو رۆمانە ماندووبوون و هەوڵێکی زۆری خەرج کردووە.

### روودا لە کۆدی دافنشی

ئەو رۆمانە سەرەتا لە فەزایەکی پۆلیسی تەم و مژاوییدا بە تاوانی کوشتن دەستپێدەکات، هەر لێرەشەوە هەر یەك لە کاراکتەران (لانغدۆ) و (سۆفیا نۆفۆ) دەکەونە بەر زنجیرەیەك هێرش و راوەدوونان و ترس و هەڵاتن، تاوانی کوشتنی (جاك سونێر) یەکێك لە گەورە توێژەرانی مۆزەخانەی لۆڤەر هەر تەنها تاوانێکی ئاسایی نییە، بەڵکو نەخشە بۆ داڕێژراوە، چونکە پاشان دەردەکەوێت کە (سونێر) یەکێکە لە ئەندامە هەرە بەناوبانگەکانی (برایانی سیۆن)*ی نهێنی، کۆمەڵەی سیۆن کۆمەڵەیەکی ئەورووپی-حەقیقی نهێنییەو لە ساڵی (1099) دوای داگیرکردنی فەرەنسا لەسەر دەستی پاشای فەرەنسی کە بە (گۆدفروا دو بوبۆن) ناودەبرێت دامەزراوە، پاشان لە ساڵی (1975) نووسینگەی پاریسی نیشتیمانی کۆمەڵێك نەخشەی بە

ناوی (بەڵگەنامەی نهێنی)یەوە کەشفکردووە، لەو نەخشانە ناوی ئەو ئەندامانەی کە سەر بەو کۆمەڵەیەن لە نێوانیشیاندا هەر یەك لە (ئیسحاق نیوتن، ساندرۆ بۆتیشلی، فیکتۆر هۆگۆ، لیوناردۆ دافنشی، پاشان جان کۆکتۆ) دەردەکەوێت، بەو مانایەش کۆمەڵەی سیۆن کە جاك سونێر یەکێکە لە ئەندامە بەرزەکانی کە تا ئێستا لە ژیاندا مابێت، لە سەرەتای رۆمانەکە دەکوژرێت.

ئەوەی کە لێرە دەبێ ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵەیە هەڵگری گەورەترین نهێنین کە بە (خوێنی پیرۆز) یان (دایکی پیرۆز) ناودەبرێت، جاك سونێر یەکێکە لەو چوار کەسە بنەڕەتیانە کە پارێزگاری لەو نهێنییە دەکەن، چونکە ئەو نهێنییە وەك لە رۆمانەکە هاتووە پشتاوپشت لەلایەن وارسەکانی (خوێنی پیرۆز)ەوە پارێزگاری لێکراوە، واتە وێرای (سونێر) سیانی دیکە بە شوێنی ئەو نهێنییە دەزانن.

لێرە لایەنێك لە لایەنەکانی ململانێی نێو رۆمانەکەمان خستە روو، بەڵام لایەنەکەی دیکەی ئەو رۆمانە لە کۆمەڵێك گەورە کەشیشانی (کاسۆلیکی) توندڕەو پێکهاتووە کە خۆیان بە ناوی (ئۆبۆس دای) پێناسە دەکەن‌و (مانۆیل ئەرینغازۆرا) سەرۆکایەتیان دەکات، لە ساڵی (1928) لە ئیسپانیا دامەزراوەو خۆیان بە هەڵگری بەها کۆنزەڤاتیڤی کاسۆلیکی دەدەنە قەڵەم، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گیانی خۆیان بکەنە قوربانی‌و بەرەو بۆگەن بوون‌و پاکبوونەوەی بەرن، هەروەها لە رێگەی ئازاردانی جەستەی خۆیانەوە، پێیانوایە دەتوانن خۆیان لە کفرکردن پاك بکەنەوە، لە ساڵی (1928) پاپای فاتیکان بە شێوەیەکی فەرمی مۆڵەت بە هەموو مارەسەکردنەکانیان دەدات.

ململانێی ئەو دوو کۆمەڵەیە لەوە هاتووە کە یەکەمیان (مەسیح) وەك مرۆڤ کە لە گۆشت‌و خۆێن پێکهاتووە سەیر دەکات، دووەمیات سیفەتی پیرۆزی پێدەبەخشن، واتە دووەمیان (مەسیح) بە کوڕی خوا دەزانن کە بە پرشنگی پیرۆز دەور دراوە.

## مێژوو هونەرو مێژووی ئەفسانەکان

جاك سونێر یەکێکە لەو کەسانەی کە هەتا ئێستا گەورەترین‌و بە هێزترین نهێنی پێسپێردراوە، لە نیوە شەوێك لە مۆزەخانەی (لۆڤەر) لە پاریس بە شێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو بەر کرداری کوشتن دەکەوێت، وەك گوتمان سەرەتای رۆمانەکە بەو کردارەوە دەچێتە دووتوێی گێڕانەوەوە، رۆماننووس لە ناو مۆزەخانەی لۆڤەر فەزایەکی تەمومژو پۆلیسی بەرجەستە دەکات، چونکە کوشتنی لێپرسراوی مۆزەخانەی لۆڤەر هەر تەنها کارەساتێك نییە وەك خوێنەر لە سەرەتا بیری لێدەکاتەوە، بەڵکو ئەگەر بە دوای سەیرکردنی لاشەی سونێر دابچین زۆر نهێنیمان بۆ کەشف دەبێت، بە مانایەکی دیکە لە راڤەکردن‌و سەیرکردنی لاشەی سونێرەوە دەتوانین مێژووی هونەرو مێژووی ئەفسانەکان هەڵبگرینەوە. یان بە مانایەکی دیکە مێژووی کەنیسەو راڤەکردنی تابلۆکانی دافنشی هەڵگرینەوە.

جاك سونێر وەك لە دوایدا دەردەکەوێت لە لایەن (سیلاس) کە سەر بە کۆمەڵەی (ئۆبۆس دای)ە بەر گوللە دەدرێت، پۆلیسی دادوەری فەرەنسی بە سەرکردایەتی (بیزۆفاش) لە ماوەی (24) کاتژمێر کە دەکاتە زەمەنی رۆمانەکە، بەتوندی بە دوای بکوژ دادەچێت‌و لێکۆڵینەوەی لە سەر کوشتنی بە ئەنجام دەگەیەنێت.

لێرەدا گێڕەرەوە لە دوو لادا کار لە سەر رووداوی کوشتن دەکات، دەشێ خودی ئەو دابەشکردنە تەکنیکی سینەماییمان بیر بخاتەوە، واتە لە لایەك گێڕەرەوە بە ئاراستەی بکوژدا دەڕواو کار لە سەر کۆمەڵەی (ئۆبۆس دای) دەکات، لە لایەکی دیکە (برایانی سیون)و بەدوای گێڕانەوەی ئەونهێنییەدا دەڕوا کە (سونێر) لەدوای مردنی خۆی بە جێیدەهێڵێت، خوێندنەوەی کوشتن‌و کەوتنی لاشەی (سونێر) دە دەشێ کرۆکی ئەو رۆمانەی لەخۆ هەڵگرتبێت لە سێ خاڵدا خۆی دەنوێنێ، یەکەمیان

پەیوەندی بە باری جەستەیدایە، واتە دوای کوشتنی باری کەوتنی لاشەکەی شێوەی تابلۆ بە ناوبانگەکەی دافنشی (پیاوی میترۆفی) دەنوێنێ. دووەم لەگەڵ نواندنی ئەو بارەشدا بەر لە مردنی بە خوێنی خۆی هەندێ نووسین‌و رەمزی ئاڵۆز لەوانەش (ئەستێرەی پێنج پەڕ) لە سەر جەستەی خۆی دەکێشێ، هەروەك لە سەر زەویەکەش کۆمەڵێك مەسەلەی بیرکاری‌و رەمزو تەلیسم‌و سێ رستە شیعر دەنووسێت‌و لە دوای ئەوەش ناوی (لانغدۆن) دێتە نێوەوە، (لانغدۆن) مامۆستای زانستی رەمزە ئاینییەکانە لە زانکۆی (هارفۆرد)، لە ئێوارەی هەمان رۆژدا کۆرێکی لە بارەی کردنەوەی کۆدەکان لە شاری پاریس سازداوە. دەبێت لە بیریشمان نەچێت هەر ئەو لرۆژە (سونێر) نامەیەك بۆ (لانغدون) دەنێرێت بەو هیوایەی کە ئێوارە بۆ قسەو باس لە سەر رەمزە ئایینییەکان چلوی پێبکەوێت، سێیەمیان بەر لە کوشتنی نامەیەك لەپشت تابلۆی (مریەمی پاکیزەو مەسیحی شیرە خۆرو........)ی دافنشی بۆ نەوەکەی (سۆفیا) جێدەهێڵێت، سۆفیا ئەو کچەی کە لە زانستی کۆدەکان پسپۆرە. کەواتە بە دیوەکەی دیکەش ناو هێنانی (لانغدۆن) جۆرێکە لە بە فریا کەوتنی (سۆفیا) بۆکردنەوەی کۆدەکان.

دواجار ئەوەی لەو کۆدانە دەردەکەوێت جۆرێکە لە بەرجەستەکردنی هونەرو ئەفسانە، واتە لەپاڵ تابلۆی (پیاوی میترۆفی) دافنشی‌و شێوەی کەوتنی لاشەی (سونێر) کۆمەڵێك پەیوەندی هەیە ، یەکێك لەو پەیوەندییانە ئاماژە کردنە بە شاردنەوەی نامەکە، هەروەها لە نێوان (ئەستێرەی داود)و (خوێنی پیرۆز) پەیوەندی جۆراو جۆر خۆی حەشار داوە، لە درێژەی ئەو نووسینەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین.

## کردنەوەی کۆدەکان

بەر لە کوشتنی (سونێر) یەکەمین کەسێك کە ناوی بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ کردن دێت (لانغدۆن)ە، وەك گوتمان ئەو کابرایە ئەمریکییەو زانکۆی ئەمریکی‌لە پاریس بۆ ئێوارە کۆرێك داوەتی پاریسی دەکات، لێکچەرەکەشی لەو کۆرەدا لە بارەی کۆدی بتپەرستەکان دەبێت، کە بێگومان کۆنزەڤاتیڤەکان زۆر پێی سەخڵەت دەبن.

(لانغدون) لە دوای تەواو بوونی لێکچەرەکەی بۆ پشوودان دەچێتە مێوانخانەیەك، بەڵام ئێوارەیەکی درەنگ (نەقیب فاش) لە مۆزەخانەی لوڤەرەوە بە دوایدا دەنێرێت، ئەگەرچی لە بنەڕەتە وەك تاوانبارێك داوا کراوە، بەڵام وای تێدەگەیەنن کە وەك رەمزناسێك کارییان پێی کەوتووە،و دەیبەنە سەر لاشەی (سونێر) تاکو ئەو کۆدانە بکاتەوە کە ئەو پیاوە لەدوای خۆی جێی هێشتوون، پاشان پاش ماوەیەکی کورت (سۆفیا نۆفۆ) کە نەوەی (سونێرە) و پسپۆرە لە کردنەوەی کۆدەکان دەگاتە مۆزەخانە بۆ ئەوەی کۆمەکی پۆلیس لەو بارەوە بکات، و هەوڵی خوێندنەوەی ئەو نووسین و ژمارانە بدات کە (سونێر) لە سەر لاشەو نامەکەدا وێنەی کێشاون، هەر لە میانی بەدواداچوونی ئەو کۆدانەوە کە کاکڵی رۆمانەکەن گێڕەرەوە بە شێوەیەکی هونەری بەرز دوای رووداوەکان دەکەوێت، و لە مەتەڵێکەوە بۆ مەتەڵێکی دیکەو لە شوێنێکەوە بەرەو شوێنێکی دیکە رامانەدەکێشێت.

(لانغدون) دەزانێت کە (ئەستێرەی پێنج پەڕ) یەکێکە لەو رەمزانەی کە بەر لە (4000)پ ز دەلالەتی لە پەرستنی سروشت دەکردو لە وردترین راڤەکردنی مانادا رەمزی ڤینۆسی هەڵگرتووە، واتە رەمزی خواوەندی خۆشەویستی مێینە بووە. هەروەها لە لێکچواندنی کەوتنی لاشەی سونێر و تابلۆکەی دافنشی (سۆفیا) هەست بە پەیوەندییەك دەکات، ئەو پەیوەندییەش دواجار لەوە دەردەکەوێت کە سونێر نامەیەکی بۆ نەوەکەی لە پشت تابلۆیەکی دافنشی بە جێهێشتووە، هەر لە ماوەی خوێندنەوەو گەڕان بەدوای کۆدو نووسینەکانەوە (سۆفیا) خۆی دەگەیەنێتە (لانغدون)و داوای لێدەکات خۆی لەو رووداوە

بەدوور بگرێت، چونکە دەیانەوێت تێوەی بگلێنن، بەڵگەشی ئەوەیە کە (سونێر)ی باپیرەی لە پاڵ نووسینەکەی سەر زەوی ناوی (لانغدون)ی هێناوە، بەڵام نەقیب فاش بەر لەوەی ئەو بانگ بکات رەشی کردۆتەوە، هەروەها بۆ سەلماندنی قسەکەی سۆفیا ئەو نووسینەی نیشان دەدا کەپێشتر وێنەی گیراوە، پێشی دەڵێ کە بەر لە کوشتنی سونێر نامەیەکی بۆ لانغدون نووسیووە کە ئەو ئێوارەیە دەیەوێ بەیەکەوە بن، وەك چۆن نامەیەکیشی بۆ سۆفیا نووسیووە کە ئاگاداری خۆی بێت چونکە ژیانی لە ترس دایە، هەروەك پێشی رادەگەیەنێت کە ئێوارە سۆفیا سەرێکی لێبدات، بەڵام لەبەر ئەوەی کە سۆفیاو سونێر بۆ دە ساڵ دەچێت پەیوەندییان بە یەکەوە پچڕاوە بۆیە سۆفیا بە دوای ئەو نامەیەدا ناچێت، بەڵام دوای ئەوەی کە هەواڵی کوشتنی رادەگەیەنن و داوا لە پسپۆڕی کردنەوەی کۆدەکان دەکەن کە زانیاری خۆیان لەوبارەوە پێشکەش بکەن، ئیتر لە بەر ئەوەی سۆفیا لێپسراوی ئەو بەشەیە ئەو کارە دەکەوێتە سەر شانی ئەو.

دواجار سۆفیا بە فریای لانغدون دەکەوێت و بە زیرەکی خۆی ئەو نامەیەی پشت تابلۆکەی دافنشی دەدۆزێتەوەو لە فەزایەکی ترسناك و ئاڵۆزدا لەگەڵ لانغدون رادەکەن.

پەیوەندی نێوان کۆدەکان و ئەستێرەی پێنج پەڕو کۆمەڵەی سیون

ئەو ئەستێرە پێنج پەڕەی کە سونێر لە سەر جەستەی خۆی بە خوێنی کێشا بووی وەك لانغدون روونی دەکاتەوە راستەوخۆ تەعبیر لە مێینەی پیرۆز دەکات، کە لای کۆمەڵەی سیون گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو پیرۆزیەش لە دروشمی گوڵە زەنبەق بەرجەستە دەبێت، گوڵە زەنبەق یان (مۆنالیزا) تابلۆ بەناوبانگەکەی دافنشییە.

مێینەی پیرۆز بیرورایەکی جەوهەرییە لای کۆمەڵەی سیونی نهێنی بۆ تەئکیدکردنی ئەو فیکرەیەش ئەگەرچی (دان براون) وەك رەمز لە سەر لاشەی سونێر نیشانمان دەدات، بەڵام لە لایەکی دیکەش لە تابلۆی مۆنالیزادا دان براون خوێندنەوەیەکی داهێنەرانەو چێژئامێزمان پێدەبەخشێت، ئەوەش بە تەواوی لەو بڕاوایەوە دێت کە دافنشی و کۆمەڵەی سیونی قەناعەتیان پێهەبووە، بەو مانایەش دافنشی بڕوای بەوەیە کە رۆحی مرۆیی تەنها بە تێکەڵبوونی هەردوو رەگەزی نێرو مێ بەرز رادەگیرێت، مۆنالیزاش جگە لە تێکەڵکردنی ئەو دوو رەگەزە شتێکی دیکە نییە، هەروەها لانغدون پێیوایە مۆنالیزا پیکهاتووە لە یەکگرتنی (ئامون)ی خواوەندی فیرعەونییەکان کە سەر بە پیت و فەڕێ نێرینەیەو (ئێریس)ی خواوەندی پیت و بەرەکەتی مێینە کە بە وشەی وێنائامێزی (لیزا) دەنووسرێت. یەکگرتنی ئەو دوو وشەیە دەلالەت لە یەکگرتنی پیرۆز دەکات لە نێوان نێرو مێ، هەر ئەوەشە نهێنی زەردەخەنەکە (مۆنالیزا)، هەروەها مۆنالیزا هەروەك پسپۆرەکان تەئکیدی لێدەکەنەوە نە نێرەو نە مێ، بەڵکو بەیەکلکانی هەردوو رەگەزی نێرو مێ دەنوێنێ، لەلایەکی دیکەش شیکردنەوەی رەنگەکان بە هۆی ئامێری کۆمپیوتەر دەریخستووە کە وێنەی رووخساری خودی دافنشییەو تەئکید لە خاڵی لێکچوونی هەردوو رووخسارەکە دەکاتەوە.

لێرەدا دان براون تابلۆکە بە مێژووی هونەری کۆن و بیروباوەڕی دافنشی پەیوەست دەکات، هەر لە ژێر ئەو پەیوەست بوونەش وەك گوتمان لە میانی بەیەکلکاندنی خواوەندی (ئاموون)و خواوەندی (ئیزیس) وشەی (ئامونلیز) یان (مۆنالیزا) دێتە بەرهەم.

هەروەها دەشێ زەردەخەنەکەی  مۆنالیزا ئەو فێڵ و لە خشتنەبردنە بێت کە لە رێگای بەیەکەوە لکانی رەمزی بتپەرستیو رەمزی مەسیحیەت هاتۆتە ئاراوە بێ ئەوەی کەنیسە ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات، کەواتە زنجیرە رووداوەکەی لۆڤەر دوای هەڵاتنی لانغدون و نۆفۆ و بەدەستهێنانی نامەکە، یان کلیلی بەردین دەکەوێتە نێو تانوپۆیەکی ئاڵۆزو سیخناخ بە رووداوی

جۆراو جۆرو کەشێکی دیکەو پاشان لە ڕێگەی بەدواداچوونی کۆدەکان و کردنەوەی کۆدەکانەوە دەتوانین بگەنە بانکی (زیوریخ- بۆ سپاردەکان)و لەوێش ئەو کلیلبە بەردینە بەکار بهێنن کە باپیری نۆفۆ لە پشت تابلۆکەی (مادۆنا ئوف) لە نامەیەکدا بۆی جێهێشتبوو هەر لە ڕێگەی ئەو کلیلە بەردینەش لەوێ دەگەنە ئەو سندووقەی کە پشتاپشت برایانی سیۆن پارێزگاری لێکردووە، بەر لەوەی پۆلیس بتوانێت دەستی پێیانبگات، لەوێ بەیارمەتی بەرێوەبەری بانکی زیوریخ (فێرینە)ی هاورێی (سونێر) رادەکەن بۆ ئەوەی بتوانن دواجار ئەو شوێنە بدۆزنەوە کە نەخشە کۆدئامێزەکەی نێو سندووقەکە ئاماژەی پێدەکات، ئەو نەخشە کەشفی ئەو شوێنە دەکات کە پیاڵەی پیرۆزی تیا حەشار دراوە، ئەوەی کە لەو بارەشەوە نووسراوە تەنها ئەوەیە کە بەردە کلیل ئەو تاکە دەرئەنجامە لۆژیکیەیە کە عەقڵ لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بە (پیاڵەی پیرۆز) بگات، ئەوە بەردێکی کۆدئامێزە لە ژێر نیشانەی گوڵە زەمبەقێکەوە حەشار دراوە، بۆ ئەوەی ئەو کۆدەش بکەنەوە پەنا بۆ (تبیتغ) ئەو پیاوەی کە خاوەنی کەسێتییەکی جیاکارەو لە ڕێگەی دانانی کتێبێك لە بارەی خێزانی (یۆرك) بۆ ماوەی چەندان ساڵ ناونیشانی سوارچاکی هەڵگرتووە.

### برایانی سیون و مەسیحیە بتپەرستەکان

ئەوەی کە لە کردنەوەی کۆدەکانی ئەو رۆمانە زۆر بەجوانی خۆی دەخاتە روو، پەیوەندەی نێوان مریەمیمەجەدەلیو مەسیحە، بەو مانایەش ململامنێی نێوان (کۆمەڵەی سیونی نهێنی)و (ئۆبۆس دای) بەشێکی زۆری پەیوەندی بە تەماشاکردنی مەسیح وەك مرۆڤ و تەماشاکردنی مەسیح وەك کوڕی خوا هەیە، یان پیرۆزییەوە هەیە، لێرە ئەوەی کە کۆمەڵەی سیونی نهێنی داکۆکی لێدەکاتو بەردەوام دەیپارێزێت ئەو خوێنە پیرۆزەیە کە نەوەکانی مەسیح هەڵیانگرتووە، هەروەها وەك لە رۆمانەکەدا هاتووە ئەوەی کە دەستیشی لە لەناوبردنی ئەو رەچەلەکەدایە کۆمەڵەی (ئۆبۆس دای)ە، تاکو لەوێوە داکۆکی لە پیرۆزی بکەن، ئەوەش بە ئاشکرا بە نەبوونی نهێنی خوێنی پیرۆزەوە بەند دەکەن.

لەلایەکی دیکە کاتێك باسی (سۆفیا نۆفۆ)مان کرد گوتمان نزیکەی دە ساڵان پەیوەندی لەگەڵ باپیرەی (جاك سونێر)دا بڕیبوو، پچڕانی ئەو پەیوەندییە بێگومان هەروا لەخۆ نەبووە چونکە (نۆفیا) هەر لە منداڵییەوە وەك باپیری بۆی دەگێڕێتەوەو وەك هەواڵ بلاو دەبێتەوە خێزانەکەی دووچاری کارەساتی ئۆتۆمبیل دێتو لە نێوان باوكو دایكو براکەی هەر تەنها خۆی دەمێنێتەوە بۆیە باپیری ئەرکی بەخێوکردنی دەگرێتە ئەستۆی خۆیو نۆفۆ دوای ئەوەی دەچێتە زانکۆ لە (لەندەن) رۆژێك لە کاتی پشوودا دێتە ماڵەوە واتە ماڵی باپیرەی هەڵبەتە باپیرەی خاوەنی ماڵێکی گەورەو باخچەیەکی گەورەیە، بەڵام هەرچەند دەگەرێت باپیرەی نادۆزێتەوە، پاشان بەرەو باخەکە دەچێت لە نێو باخەکەشدا خانوویەکی دوو نهۆمی هەیە، لەوێش هەموو ژوورەکانی هەردوو نهۆمەکە دەگەڕێت، ئەگەچی ئۆتۆمبێلێکی زۆر لەدەرگای باخەکە وەستاون، بەڵام باپیرەی دیار نییە، دواجار نۆفۆ کە هەستی خۆی رادەگرێت دەنگێ لە شێوەی شینگێڕان دێتە گوێی بەڵام نازانێ سەرچاوەی ئەو دەنگە لە کوێ دێت، پاشان بەرە بەرە لێینزیك دەکەوێتەوەو بە دوایدا دەچێت بەرەو دەرگایەك دەبێتەوە ئەو دەرگایە دەچێتە ژێر خانەکەوە کە تاکو ئەو کات نۆفۆ نەیزانیبوو ئەو خانووە ژێر خانیشی هەیە، کە نزیك دەرگای ژێر خانەکە دەبیتەوە دەرگاکە دەکاتەوە کۆمەڵێك کەس دەبینێت کە خەریکی نواندنی سروتێکنو سروود دەخوێنن-تەقس (هەڵبەتە تەقس رەفتارێکی ئاهەنگسازانەیە، یان رەمزییانەیە بەهاکەی لە دووبارەکردنەودایە، سروتەکان بەزۆری پەیوەندییان بە بۆنە ئایینەکانەوە هەیەو پشت بە سیستمی باوەڕداری دەبەستێت) کاتێك نۆفۆ دەچێتە نهۆمی خوارەوە کۆمەڵێك کەسی دەمامکدار دەبینێت بە

رەنگی رەش‌و سپی، ئەوانەی دەمامکی سپییان پۆشیووە لە رەشەکان نەرم‌و نیانتر دیارن، لێرە سۆفیا دووچاری حەپەسان دەبێت نەك لە بەر ئەوەی کە باپیرەی ئەو نهێنییەی لێشاردۆتەوە، بەڵکو دواجار وەك لانغدون لە کاتی قسە کردن لە سەر کردنەوەی کۆدەکان کەشفی دەکات بێ ئەوەی سۆفیا ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات، لانغدون دەڵێ ئەو تووڕە بوونەی تۆ لە باپیرەت لەو حاڵەتە ناشایستەوە هەڵقوڵاوە کە تۆ لە باپیرەت دیووە، کە ئەسڵەن رۆژێك لە رۆژان بیرت بۆ ئەوە نەچووبوو، ئەویش ئەوەیە کە لە ناوەڕاستی دەمامکدارەکان باپیری خۆت بە رووتی بینیووە کە راکشاوەو ژنێك بە رووتی راکشاوەو بە پێی ریتمی سروودو تەقسەکە ممارەسەی سێکسی دەکەن. سۆفیا کە ئەو حاڵەتە دەبینێت خۆی پێڕاناگیرێت‌و شێتگیر دەبێت‌و راستەخۆ وێڕای نووسینی نامەیەك بۆ باپیرەی ئیتر ئەو شوێنە بە جێدەهێڵێت‌و چیتر پەیوەندی پێوە ناکاتەوە. وەك لانغدونی رەمزناسی ئایینی لێکیدەداتەوە ئەو تەقسە راستەخۆ پەیوەندی بە کۆمەڵەی سیونی نهێنییەوە هەیەو تەعبیر لە بەیەکەوەلکانی رەگەزی نێرو مێ دەکات کە دافنشی لە تابلۆی مۆنالیزا تەعبیری لێکردووە-(ل 324 شیفرە دافنشی).

لێرە لە رێگەی تەقسی ناوبراودا دان براون دەیەوێت ئاماژە بە پەیوەندی نێوان مەسیح‌و مریەمی مەجدەلی بکات، چونکە راستەخۆ تەعبیرە لە پیرۆزی مێینە کە دواجار پاش ئیمپراتۆری رۆمانی قوستەنتین ئەو رەگەزە وەك شەیتان‌و لە خشتەبەر بەرجەستە دەکات، بەمجۆرە دان براون بەرەو مێژووی قوستەنتینی رۆمانیمان دەبات، قوستەنتینی رۆمانی لە سەردەمی رۆمانیای بتپەرستدا حوکمی بە دەستەوە بووە، لە نێوان (285-327ز) واتە دوای کۆچکردنی عیسای مەسیح بە نزیکەی (300) ساڵ.

بێگومان قوستەنتینی میکافیلی هەمیشە ویستی ئەوەی هەبووە کە زۆرترین زەوی دنیا بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بۆیە بەردەوام هەوڵی داوە رەمزەکانی مەسیحی لەگەڵ ئایینی بتپەرستیدا لەیەك نزیك بکاتەوەو بەیەکەوەیان بلکێنێت، بۆ ئەوەی گەلی رۆمان لەو ماوەیەدا لەگەڵ مەسیحییەتدا دووچاری دژبوونەوە نەبێت‌و پێکەوە هەڵبکەن.

بەڵام وەك برایانی سیونی نهێنی پێیانوایە قوستەنتین ئەو ئیپراتۆرە بووە کە لە رێگەی کۆمەڵێك هۆکاری جۆراجۆرو ترسناك کە نزیکەی سێ سەدەی خایاندووە توانیوویەتی بنەچەی مێینەی پیرۆز بۆ نێرینە بگۆڕێت، بەمجۆرە وێنەی مێینەی لە پیرۆزییەوە بۆ شەیتان گۆڕیووە، هەروەها توانیوویەتی کردەی پیرۆزی نێوان نێرو مێ بە کردەی ناپەسەند دابنێت.

بەو مانایە دەتوانین بڵێین کوشتنی (سونێر)و هەر سێ کەسەکەی دیکە لە شەوێکدا بۆ مێژوویەك دەگەڕێتەوە کە قوستەنتینی ئیپراتۆر دەخاتەوە بیرمان، ئەو قوستەنتینەی لە رێگەی کوشتن‌و بڕینەوە توانیوویەتی دەسکاری (ئینجیل) بکات. بەمجۆرە توانیوویەتی لە نێوان بتپەرستی کە ئایینی ئەوسای ئیپراتۆری رۆمانی بوو و لە نێوان مەسیحیەت، ئاینێکی هەجین دروست بکات، هەروەها توانیوویەتی دەسکاری گەلێك لایەنی ئینجلی کۆن بکات‌و بە شێوەیەکی دیکە دایبڕێژێتەوە، پاشان هەموو ئەو ئینجیلانەش بسووتێنێت‌و ئەو ئینجلەی کە لە بەرژەوەندی خۆیەتی‌و خۆی دەسکاری کردووە بخاتە بەردەست.

بۆ نموونە (25)ی دیسەمبەر کە جەژنی لە دایکبوونی خواوەندێکی فارسییەو بەر لە مەسیح هەبووە، هەروەها ئەو پڕشنگانەی کە ئینجیل بە دەوری پیرۆزی داوە، ئەوانە خەپڵەکانی خۆرن کە لە میسرییە کۆنەکانەوە ماوەتەوە، جگە لەوە سەرەتا بەر لەوەی قوستەنتین دەسکاری ئینجیل بکات مەسیحیەکان رۆژی (شەبت، یان سەبت) واتە شەممەیان لا پیرۆز بوو، بەڵام قوستەنتین ئەو رۆژەی گۆڕی تاکو لەگەڵ رۆژە پیرۆزەکەی خۆیاندا بێتەوەو کردییە رۆژی یەکشەممە بە لاتینی واتە (sun day) یان (رۆژی خۆر) ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە رۆمانەکان خۆریان لا پیرۆز بووە، هەروەك هەر لە سەر دەستی

رۆمانییە بتپەرستەکانیش خواوەندی پیرۆز کە خۆری پیرۆزە، لای مەسیحیەکان بووە بە رۆژی پیرۆز، بە پێی پێوانەی ئەو بتپەرستنەش وێنەی مریەمی پاکیزە کە شیر بە عیسای مەسیح دەدات وەك کۆپی وێنەی خواوەندی رۆمانی (ئیریس) تەماشا دەکرا کە شیر بە (حورس) ی کوڕی دەدات.

لە لایەکی دیکەش لە شاری (نیقیە) لە رێگەی دەنگدانەوە کە کەشیشە گەورەکانی مەسیحی تیا بەشدار بوون فیکرەی لە دایکبوونی خواوەندێتی مەسیحیان چەسپاند، چونکە پێشتر وەك کۆمەڵەی سیونی نهێنی بڕوایان پێی هەیە مەسیح مرۆڤێك بووە لە خوێنو گۆشت.

بەمجۆرە قوستەنتین بە پێویستی زانی کە لە ساڵی (325) ئیپراتۆرەکەی لە ژێر ئایینێك رێکبخات کە ئەویش ئایینی مەسیحییە بەڵام بە مەرجێك کە ئەو ئایینە لەلایەن هەردوو لاوە، واتە رۆمانییە بتپەرستەکانو مەسیحیەکاندا پەسەند بکرێتو تقوسی هەردوو لا تێکەڵ بەیەك بکرێت، ئینجا مارەسە بکرێت، وەك لە بەشی (55) رۆمانەکەدا لە رێگەی گفتوگۆی نێوان هەر یەك لە (تبینغ)ی مێژوونووسی بەریتانیو (لانغدون)و (سۆفیا) کاراکتەرە سەرەکییەکاندا هاتووە کە ئینجل بە فاکس لە ئاسمانەوە نەهاتۆتە خوارەوە هەروەها وشەی خوا نییە بەڵکو کتێبێکە ئیمپراتۆری بتپەرستی قوستەنتین لەگەڵ کۆمەڵێك گەورە کەشیشی مەسیحیان فۆرمەلەیان کردۆتەوە، بە مانایەکی دیکە قوستەنتین فەرمانی داوە کە هەموو ئەو ئینجیلانە بسووتێنرێت کە وەك (تبینغ) دەڵێ قسەی لە بە مرۆڤبوونی مەسیح دەکەن، واتە دوای ساڵی (325) فیکرەی بە خواوەند بوونی مەسیحی لەگەڵ کۆمیسیونی نیکایە خستۆتە روو هەر لەوێشەوە ئیتر وەك پێغەمبەرو خاوەن موعجیزە سەیری مەسیح کراوە پاشان هەر یەکێك لە پەیڕەوکردنی ئەو ئینجیلە هەجینە دەرچووبایە بە هەرتەقە، یان لە ئایین دەچووی ئەسڵی مەسیح کە بە لاتینی پێیدەڵێن (هیریتیکۆس) تاوانبار دەکرا، هەروەها (تبینغ) دەڵێت لە خۆشبەختی مێژوونووسان هەندێك لەو ئینجیلانەی کە قوستەنتین دەیویست لەناویان بەرێت رزگار کران، لە نێوان ئەو ئینجیلانەش لە ساڵی (1950) بەڵگەنامەی (دەریای مردوو) کە لە نزیك کێوی (قمران) بیابانی (نەقب) شاردرابۆوە دەستی بە سەرگیرا، هەروەها بەرڵگەنامەی (قبتی) ساڵی (1945) لە مێرگی (حمادی) دۆزرایەوە، ئەو بەڵگەنامەیە قسە لە بەمرۆڤبوونی مەسیح دەکات، سەرەڕای پیاڵەی پیرۆزی حەقیقی کە (فاتیکان) هەروەك ئەوانیتر بەردەوام دەیەوێت ئەو حەقیقەتە بشارێتەوەو خەڵك لە خشتە بەرێت، بۆیە رێگا نادات ئەو بەڵگەنامەیە بڵاوبێتەوە، چونکە لەوێوە ناودژییەکانی ئەو ئینجیلە نوێیە دەردەکەوێت ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات کە ئەو ئینجیلە نوێیە کۆمەڵێك کەس دەستیان لە هەڵبژاردنو هەموارکردنیدا هەبووە کە ئامانجی سیاسیان لە پشت بووە، کەواتە ئێستا ئەو ئینجیلە کاری پێدەکرێت کە قوستەنتینو گەورە کەشیشەکان لە سەری رێك کەوتوون.

### تابلۆی دواین ژەمی ئێوارەی دافنشیو پیاڵەی پیرۆز

هەڵبەتە بەر لەوەی کە (سۆفیا) لەگەڵ باپیرەی پەیوەندی بپچڕێت لە چەندان سەرداندا بۆ مۆزەخانەی لۆڤەر (سونێر) هەمیشە هەوڵیداوە سەرنجی (سۆفیا) بۆ تابلۆی دواین ژەمی ئێوارەی دافنشی رابکێشێت، دواجار خودی ئەو نهێنییەش ئەو شەوە دەردەکەوێت کە لاشەی (سونێر) لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە ژێر پشکنیندا دەمێنێتەوەو (نۆفۆ) لە دیتنی تابلۆی دواین ژەمی ئێوارەی دافنشی یادی ئەو رۆژانەی دەکەوێتەوەو لەوێوە هەستدەکات نهێنیەك لەو تابلۆیەدا هەیە، هەروەها بەشێکی ئەو بەبیرهاتنەوەیەش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە لاشەی سونێر دەکەوێتە سەر رێگای ئەو تابلۆیەوە ئەوەش وەك نۆفۆ بیری لێدەکاتەوە تەنها بۆ ئەوەیە کە دووبارە ئەو تابلۆیە سەرنجی نۆفۆ رابکێشێت.

ئێمە بەر لەوەی قسە لە نهێنی ئەو تابلۆیە بکەین گوتمان دوای ئەوەی کە لە بانکی زیوریخ بۆ سپاردەکان بە هۆی کلیلی بەردینو ئەو کۆدە حیسابیەی کە لەپاڵ سێ رستەکەدا نووسیبووی سندوقەکە بە یارمەتی (فێرین) بەرێوەبەری بانکەکە دەردەهێنن، دوای ئەوەش لە نێو ئەو هەموو پۆلیسو فەزا قەدەغەئامێزەدا بە ئۆتۆمبێلێکی بانکەکە سندوقەکە بەرەو دەرەوەی شار دەرفێنن ئینجا (فێرین) لە رێگا دەیەوێت ئەو سندوقە لە دەست (نۆفۆ)و (لانغدون) دەربهێنێو ببێتە خاوەنی نهێنی ئەو سامانە گەورەیە، دوای ئەوەی دەمانچەکە دەردەهێنێتو گوللەیەك بۆ ترساندنی لانغدون دەتەقێنێت، کەچی سەرکەوتوو نابێتو لەو لا رێگایەدا بە جێی‌دەهێڵن، ئیتر دوای ئەوەی بە هەمان ئۆتۆمبیل لەو رزگار دەبن لانغدون بیر لەوە دەکاتەوە کە بۆ کردنەوەو راڤەکردنی نەخشەی سەر سندوقەکە، دەبێت هانا بۆ یەکێك ببردرێت کە شارەزایەکی زۆری لە بارەی پیاڵەی پیرۆزو برایانی سیونەوە هەیە بۆ ئەوەش بەرەو باخچەکەی (تیبنغ)ی پیرۆزو مێژوونووسی بەریتانی دەکەونە رێگا تاکو لای ئەو کۆدی ئەو نەخشەیە بکەنەوە کە لە سەر سندوقەکە دەستیان کەوتووە.

هەڵبەتە وەك لانغدون ئاگادارە (تیبنغ) یەکێك لەوانە کە زانیارییەکی زۆری لە بارەی  پیاڵەی پیرۆزەوە هەیە، بۆیە هەر ئەو شەوە بیر لەوە دەکەنەوە کە هانای بۆ بەرن، لەلایەکی دیکەش (سیلاس) بە هۆی فرمانی (ئەرینغاروزا) بە دوای هەمان کلیلدا دەگەڕێت، بەڵام کە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی کە (ئەرینغارۆزا) لە نێو کەنیسەی (سان سۆلیس) پێی دەسپێرێت، ناگاتە کلیلی نەخشەکەشێتگیر دەبێتو لە نێو کەنیسەکەدا هێرش دەکاتە سەر راهیبەکەو پێوایە ئەو دەستی لە شاردنەوەی دایە بۆیە هەر لەوێدا دەیکوژێت، پاشان هەر بەو شەوە بەخۆیو دەمانجەکەی دەستی بەرەو ماڵی (تبینغ) دەکەوێتە رێگاوەو بەر لەوەی بگات شوێنی مەبەست (لانغدون)و (نۆفۆ) دەگەنە ئەوێو لە باسکردنی پیاڵەی پیرۆزو کردنەوەی کۆدەکانی نامەکەدا دەبن (سیلاس) دەگاتە پشت پەنجەرەکەوە هەندێك لەو گفتوگۆیانە دەبیسێت کە لە بارەی پیاڵەی پیرۆز لە نێوان لانغدونو تبینغ دامەزراوە، هەڵبەتە ئەو گفتوگۆیانە چەندان زانیاری تیایە سەرەڕای ئەوەش تبینغ کۆمەڵێك کتێبو تابلۆ پێشانی نۆفۆ دەدات، یەکێك لەو تابلۆیانە دواین ژەمی ئێوارەی دافنشییەو پێی دەڵێت: کوا مەسیح لە کوێ دانیشتووە ئەویش دەڵێت لە ناوەراستدایە، دەڵێت چی دەخۆن ئەویش دەڵێت نانو شەراب، یەك دانە پیاڵەیان بۆ خواردنەوە پێیە کە بە پیاڵەی پیرۆز ناودەبرێت، لەو کاتەدا تبینغ بە نۆفۆ دەڵێت کە چاوی جوان بکاتەوە کە نۆفۆ بە جوانی سەیر دەکات هەر یەك پیاڵەی خۆی‌لە پێشەو ژمارەشیان(13)سێنزە کەسە کەواتە پیاڵەی پیرۆز ونە، وەك ئەوەی دافنشی لە بیری چووبێت پیاڵەی پیرۆز وێنە بکات.

لێرەدا تبینغ دەیەوێت بڵێت ئەو تابلۆیە کلیلی کردنەوەی نەخشەکەی لەخۆدا هەڵگرتووە، پێیان دەڵێت کە پیاڵەی پیرۆو ئەسڵەن شتێکی مادی نییە، بەڵکو مەعنەوییەو کەسێکی دیاریکراوە کاتێك روونتریشی دەکاتەوە دەڵێت پەیوەندی بە ژنێك دایە هەردووکیان سەریان سووڕدەمێنێت، ئینجا روو لە لانغدون دەکات پێی دەڵێت رەمزی نێرو مێ بکێشە، لانغدون روونی دەکاتەوە کە مێ رەمزی ئەستێرەی خواوەندی فینۆس بووەو نێریش رەمزی ئەستێرەی خواوەندی مەریخ، پاشان لە سەر کاغەز بە مجۆرە رەمزی نێر لە شێوەی ژمارە هەشتی (8) عەرەبی دەکاتو دەڵێت ئەوەش بۆخۆی شێوەی بەراییانەی کێری مرۆڤەو هەروەها پێشتر بە (شیر)ییان چواندووە کە تەعبیر لە توندو تیژیو نێرایەتی دەکات، رەمزی (کێر) هەتاکو ئێستاش لە جلوبەرگی سەربازی وەك دەلالەتێك بۆ پلەو پایە بەکار دێت.

هەروەها رەمزی مێ کە پێچەوانەی رەمزی نێر وێنەکەی لە شێوەی ژمارە حەوتی (7) عەرەبی دەکێشرێت، بە رەمزی شالیس یان پیاڵەی پیرۆز ناودەبرێت، لێرەوە لانغدون دەڵێت ئەفسانە پێمان دەڵێت کە پیاڵەی پیرۆز پیاڵەیە بەڵام لە راستیدا ئەوە زاراوەیەکی مەجازییە بۆ پاراستنی نهێنی سروشتی حەقیقیانەی پیاڵە پیرۆز بەکار هاتووە، واتە ئەفسانە ئەوەی وەك خوازە بۆ تەعبیرکردن لە رەمزی مێ بەکار هێناوە(بڕوانە ل 261–267 شیفرەی دافنشی).

ئینجا تبینغ لە ئاماژەکردنی تابلۆی دوایین ژەم کە وا باو بوو (13) پیاو دانیشتوونە، کەچی وا نییە، لێرەوە نۆفۆ زۆر لە تابلۆکە ورد دەبێتەوە دەبینێت ئەوەی لە نزیك مەسیح دانیشتووە نەرمو نیانی لە ئافرەت دەچێتو دەکەوێتە دەستە راستی مەسیحو قژی سوورە، بۆیە زۆر بە سەرسورمانی دەپرسێت ئای ئەو ژنە کێیە، تبینغ دەڵێت ئەوە مریەمی مەجدەلییە، نۆفۆ دەڵێت لەشفرۆشەکە؟ (بڕوانە ل 273). ئینجا تبینغ ئەو شێوە یان ئەو وێنەی نیشان دەدا کە لە نێوان مەسیحو مریەمی مەجدەلی دروست بووە چونکە لە ژێرەوە بەیەکەوە نووساون، بەڵام لەسەرەوە لەیەك دوورنو شێوەی ژمارە حەوت یان پیاڵەیان پێکهێناوە، پاشان لانغدون دەڵێت ئەو شێوەیە تەعبیر لە رەحمی مێینە دەکات.

هەر لەو بەشەدا تبینغ دەیسەلمێنێت کە مریەمی مەجدەلی هەڵگری خوێنی پاشایانەو بنەچەکەی بۆ (سلێمان) پاشا دەگەڕێتەوە وەك چۆن دەزانین کە مەسیح بۆ بنەماڵەی (داود) دەگەڕێتەوە، کەواتە چیرۆکی پیاڵەی پیرۆز چیرۆکی خوێنی شاهانەیە، کاتێکیش کە قسە لەو پیاڵەیە دەکرێت بەو مانایەیە کە قسە لە خوێنی پیرۆز دەکرێت.

هەر لە بارەی دوایین ژەمی دافنشی باسی ئەوە دەکرێت کە (بترس) کە یەکێکە لە هاوڕێیانی مەسیح چەند دژی ئەوەیە کە رەگەزی ئافرەت رۆڵی سەرەکی بگێرێت وەك لە تابلۆکەشدا دەردەکەوێت کە چەند بە شێوەیەکی ترسناك خۆی بەلای مریەمی مەجدەلی خوار کردۆتەوەو دەستی وەك شیر لە بەرامبەری درێژ کردووە، وەك ئەوەی بیەوێت سەری بڕێت، ئەوەش هەمان ئەو جولە سامناکەیە کە لە تابلۆی (خانمی تاوێرەکان)ی دافنشیدا دەبینرێت، دەشێ ئەو بیرکردنەوەیە لە ئینجیلی (تۆما) وەرگیرابێت کە بترۆس دەڵێت: دەبێت مریەم جێمانبهێڵێت چونکە مێینە ئەهلیی ژیان نینە، بەڵام مەسیح وەلامدەداتەوەو دەڵێت تەماشاکە من رابەرایەتی دەکەم و وای لێدەکەم وەك نێری لێبێت....( ئینجیلی تۆما/114)

گوتمان (سیلاس) لەو دەمەدا لە پشت پەنجەرەکەیەو لە پڕ خۆی دەکات بە ژووردا، ئەوەو لەلایەکی دیکەش (فاش) زۆر بە توندی سەری خستۆتە سەر بانکی زیوریخ، بەردەوام لە رێگەی تلیفۆنەوە پەیوەندی بە بەرێوەبەری بانکەکە دەکات.

(سیلاس) هێرش دەکاتە ژووریو پێیاندەڵێت کە کلیلەکەی پێبدەن، هەر لەو کاتەش گوللەیەك دەتەقێنێ، لە بەر ئەوەی پولیس دەوری ماڵەکەی (تبینغ) یان داوە کە گوللەکەیان گوێ لێدەبێت هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەو ئەوانیش لە ژوورەوە بەسەر سیلاسدا زاڵدەبن قۆڵبەستی دەکەن لەگەڵ خۆیان دەیرفێنن.

هەڵبەتە وەك دەزانین سیلاس بۆ (ئۆبۆس دای) کار دەکاتو راستەوخۆ پەیوەندی بە (ئەرینغارۆزا)دایە، ئەو کۆمەڵەیەی کە ئازاری خودی خۆیان دەدەن لە پێناو پاکبوونەوە لە گوناهەکانیان. دەبێت بزانین لەو کاتەی سیلاس بە کوشتنی سونێرو راهیبەکە هەڵدەسێت ئەرینغاروزا لە (فاتیکان)ە بۆ ئەوەی لە بری جیابوونەی کۆمەڵەی (ئۆبۆس دای) بە فەرمی لە ڤاتیکان، بڕی (200) ملیۆن یۆرۆ وەك چەکێ کە خەرجکردنی سەر بە فاتیکانە وەربگرێت، بە دیوەکەی دیکەش لە رێگەی تەلیفۆنەوە پەیوەندی بە پیاوێك دەکات بە ناوی (مامۆستا)، هەر کە لە کەنیسەی (سان سولیس) بە مەبەست ناگات بە نائومێدی

پەیوەندی بە مامۆستا دەکات ئەویش پێی دەڵێت کە ئەو نهێنییە نامرێت، بەڵام دیارە (جاك سونێر) بەر لە کوشتنی هەندێك لە زانیارییەکانی گواستۆتەوە-بڕوانە ل220.

**تابلۆی خانمی تاوێرەکانو سوارچاکی پەیکەر**

کەواتە خوێنی پیرۆز، پیاڵەی پیرۆز، سالیش، بنەماڵەی پیرۆز، هەر هەموویان بە یەکەوە بەندن، پیاڵەی پیرۆز مریەمی مەجدەلییە، یان بنەماڵەی شایانەی مەسیحە، هەروەها (تبینغ) دەڵێت ڕەمزی ئەو گوڵە بە ئەستێرەی فینۆسی پێنج پەڕەوە بەندە، پاشان (لانغدون) ڕوونیدەکاتەوە کە گوڵ، یان (ڕۆز) بە زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو ئەڵمانی....هتد وشەی ئیرۆس پێکدەهێنێن، کە خواوەندی خۆشەویستیو سێکسو چالاکی سێکسییە.

کاتێك سۆفیا لە ژێر جاکەتەکەی کلیلەکە دەردێنێت کە لە شێوەی (خاچە)، تبینغ سەرسام دەبێتو دەڵێت ئەوە دروشمی برایانی سیونە و لە کوێت دەست کەوتووە، ئەویش دەڵێت کە باپیرەم پێیداومو پێی دەڵێت کە کلیلی بەردینیشیان پێیە، لەو کاتەدا (سیلاس) وەك گوتمان بە خۆی دەمانچەکەی دێتە ژوورەوە.

دوای قۆڵبەستکردنی سیلاس تبینغ دەڵێت ئەو کلیلە بەرەو پیاڵەی پیرۆومان دەبات، کە لە ژێر نیشانەی گوڵەکە شاردراوەتەوە، لە هەمانکاتدا سەیری ڕەمزی گوڵە هەڵکۆڵراوەکەی سەر سندوقەکە دەکات، دووبارە دەڵێت لە ژێر ئەو گوڵە شاراوەتەوە، ئیتر لەوێوە تبینغ دەڵێت پیاڵەی پیرۆز لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا شاردراوەتەوە، پاشان کە بە فرۆکە خۆیان دەرباز دەکەن لە نێو فرۆکە بە نووکی چەقۆ گوڵەکە لادەبەن دەبینن لە ژێرەوە نەخشەیەك هەیە دەقێکی تیایە هیچ یەکێك بۆی ناخوێنرێتەوە، دواتر دەردەکەوێت کە بە پێچەوانە نووسراوە، تبینغ دەڵێت ئەوە ئاماژە بە پیاڵەی پیرۆز ناکات بەڵکو بە سوارچاکانی پەیکەرو بنەماڵەی مریەمی مەجدەلی دەکات، ئەوانیش وەك لە قەسیدەکەدا هاتووە لە لەندەن لە ژێر لاشەی سوارچاکێك دایە کە لە مەراسیمی ناشتنی (پاپا) خۆی بەشداری تیا کردووەو تۆپی شاهانەش لەسەر گۆڕەکەیەتی، وەك چۆن لە قەسیدەکە ئاماژە بە مریەمی مەجدەلیو ئەو گوڵە دەکات کە تۆی مەسیحی هەڵگرتووە.

ئەوەی کە مێژوو ئاماژەی بۆ دەکات ئەوەیە کە کۆنمەڵەی سیون هەڵگری نهێنی بنەماڵەی مەسیحنو ئامانجی ئەو کۆمەڵەش ئەوەیە کە ئەو بەڵگەنامانەی لەژێر پەرستگای (هیرۆدین)ی بە سەریەکدا ڕووخاودا بپارێزن، ئەو پەرستگایە پەیکەری (سلێمان)ی تیایە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجەش (کۆمەڵەی سیونی نهێنی) تیپێکی سەربازی بە ناوی (سوارچاکانی پەیکەر) دامەزراند بوو، بەڵام دوای (9) ساڵان سوارچاکان ئەو گەنجینەیە بەرەو ئەوروپا دەگوازنەوە، ئینجا دوای ئەوە ئەو سوارچاکانە لە دەسەڵاتدا باڵا دەست دەبن، واتە لە ساڵی (1300) پاپا (کلیمنت)ی پێنجەم لەگەڵ پادشای فرەنسا (فیلیب)ی چوارەم لە ڕۆژی هەینی (13)ی ئۆکتۆبەری (1307) زۆربەی ئەو سوارچاکانە لە ناودەبەن، بەڵام بەڵگە نامە نهێنییەکە کە بە پیاڵەی پیرۆز ناسراوە هەر بە نهێنی لە لای هەندێکیان دەمێنێتەوە ئەو نهێنییە لە تابلۆی (خانمی تاوێرەکان)و (دواین ژەمی ئێوارە)ی دافنشی ئاماژەی بۆ کراوە.

دواجار (ریمی) نۆکەری (تبینغ) کە یەکەمجار دەچێت دەرگا لە لانغدونو نۆفۆ دەکاتەوە، لەگەڵ (سیلاس)ی قۆڵبەستکراو ڕێکدەکەونو هێرش دەکەنە سەریانو کلیلە بەردینەکەیان لێدەسێننو (تبینغ) لەگەڵ خۆیان دەبەنو (لانغدون)و (سۆفیا)ش جێدەهێڵن، هەر بەو ئۆتۆمبێلەی پێی هاتوون بەرەو سەیرانگای (سانت جیمس) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی دارستانێکی سەوز دەکەونە ڕێگا، هەر ئە کاتیش (ئەرینغاروزا) بە هۆی تەلیفۆنەوە پەیوەندی بە (ریمی) دەکاتو دەڵێت (سیلاس) لە نزیك ماڵی

(ئۆبۆس دای) دابەزێنێت و لەوێ بمێنێتەوە تۆش لەگەڵ (تبینغ)ی قۆڵبەستراو بەرەو سەیرانگاکە بکەوە ڕێگا، لە نێو ئەو دارستانە چڕو پڕەدا دوای ئەوەی سیلاس دادەبەزێت (تبینغ)ی مامۆستا دێتە پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکە کلیلە بەردینەکە بەرز دەکەنەوە، پاشان مامۆستا پیاڵەیەك کۆنیاك هەڵدەداو لە دوایدا ئەوەی کە ماوە لە پیاڵەکە دەداتە ریمی بۆ ئەوەی پێکی سەرکەوتن نۆش بکات، بەڵام کە دەخواتەوە هەستدەکات تامی خوێی لێدێت بۆیە هەر بەو پێکە دەکەوێت و دەمرێت.

لە لایەکی دیکە لانغدون و نۆفۆ هەر بە دوای نهێنی قەسیدەکەدا دەچن، بەڵام سیلاس پۆلیس لە (ئۆبۆس دای) ڕاوەدووی دەنێت و لەو کاتەش هەر لە نزیك سەیرانگاکە (ئەرینغاروزا) دەگات و لەوێ لەو کێشمە کێشە گوللەیەکی بەردەکەوێت، پاشان سیلاس کە خۆی لە دەستی پۆلیس ونکردووە (ئەرینغاروزا) بە برینداری بەرەو نەخۆشخانە دەگوازێتەوە، لە هەمان کاتدا (لانغدون)و (نۆفۆ) دەگەنە ئەوێ و پۆلیس (تبینغ) دەگرێت و کلیلە بەردینەکە دەکەوێتەوە دەست (لانغدون)و (نۆفۆ) دواجار پیاڵەی پیرۆز وەك لە قەسیدەکەی (سونێر) ئاماژەی بۆ کراوە لە (ڕۆزلین) بەدوایدا دەگەڕێن.

دوای ئەوەی کە لانغدون و نۆفۆ دەگەنە کەنیسەی ڕۆزلین لە سەر زەوییەکە چاوییان بە ئەستێرەی داود دەکەوێت، کە ئەستێرەیەکی شەش پەڕەو ڕەمزی دروشمی (سلێمان)ە، پاشان دەبێتە ڕەمزی داودو سلێمان و دروشمی پادشای ئیسرائیل.

دواجار سۆفیا هەر لەوێدا دایکی واتە (ماریا)و (براکەی) دەدۆزێتەوە (ماریا) بۆی ڕووندەکاتەوە کە ئەو هەواڵەی کە باپیرەی بە سۆفیای گەیاندبوو هەر لە بەر ئەوە بوو کە لە کوشتن دووریان بخاتەوە، چونکە ئەوان بە ڕەچەڵەك بۆ خوێنی پیرۆو دەگەڕێنەوە، لێرەدا دوای دۆزینەوەی یەکێك لە بنەماڵەکانی مەسیح کە بنەماڵەی نۆفیایە، ڕۆمانەکە پێماندەڵێت پیاڵەی پیرۆز لە خوارووی قوچەکی لۆڤەر حەشار دراوە بەتەواوی دەکەوێتە ژێر ئەو قوچەکە سەرەوژێرکراوەی کە مێوانەکان لە هەموو گۆشەکانی مۆزەخانە لەبەرامبەری ڕادەوەستن، هیچ کەسێکی ناگاتێ، چونکە وەك بەدواداچوونی پیاڵەی پیرۆز تەنها خەیاڵە، لەوێ سۆفیا و لانغدون بە بیریان دێتەوە کە گەڕان بە دوای پیاڵەی پیرۆز سوجدە بردنە بۆ ئێسك و پروسکی مریەمی مەجدەلی.

*ئەکرەم ئەنتاکی لە سایتی (معابر) لە بابەتێك بە ناوی (حول شیفرە دافنشی) لە بارەی(prieure de sion) دەڵێت وەك لە عەرەبییەکەی هاتووە واتای کۆمەڵەی سیۆن ناگەیەنێت، بەڵکو دەکاتە شوێن نوێژی زایۆنییەکان.